ئا: سانە



# زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیری بازاڕی زێڕنگران گەرم دەکات

پێشینەی هاوسەرگیری ئەو ساڵ کە بە زۆرینەی دەنگ لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کرا، لە یەك ملیۆنەوە کرا بە پێنج ملیۆن، ئەوەش خزمەتکردنێکی گەورەیە بۆ ئەو گەنجانەی کە بەنیازی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیرن، بەڵام لەگەڵ زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیری کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی بازاڕی زێڕ کردووە.

**پێویستە سوودلەو برە پارەیە وەربگیرێت**

ئارام عبدوڵڵا ئەو گەنجەیە کە زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیری بە کارێکی زۆر باش دەزانێت، بەڵام ئەو گەنجە پێیوایە پێویستە کچان هەوڵبدەن سوود لەو پارەیە وەربگرن و دەڵێت «واباشترە هەوڵ نەدەن لەو کاتە زێڕێکی زۆر بکەن لەگەڵ ئەوەش من هەرگیز لەگەڵ ئەوە نیم کچ ئەو پارەیە گشتی بەزێڕ بدات، چونکە پێویستە سوود لەو برە پارەیە وەربگیرێت بۆ بەرژەوەندی پێکهێنانی ژیانیان نەوەك کڕینی زێڕ، بەڕاستی ئەگەر بێت و ئەو پارەیە بۆ زێڕ دابین بکرێت، ئەوە گەنج دووبارە ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ».

**داوای تەنیا ٢٠ مسقاڵ زێڕم کرد**

لارە ڕەسول کچێکی تەمەن ٢٤ ساڵە و ئێستا دەستنیشان کراوە و پێوایە، بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئەو برە پارەیەی لە پێشینەی هاوسەرگیری دەدرێت هەموو بەزێڕبدات و نەتوانێت بەشێوەیەکی باش چارەسەری کێشەکانی تر بکرێت. لارە دەڵێت «لەکاتی مارە بڕینی خۆم داوای ٢٠ مسقاڵ زێڕم کرد، چونکە دەزانم نرخی زێڕ بەرزبۆتەوە ئەگەرچی زێڕ بۆ ئافرەت گرنگە، بەڵام من بۆ پێکهێنانی ژیانم نامەوێ ئەو برە پارەیەی لە حکومەت وەریدەگرین وەکو پێشینەی هاوسەرگیری بە کەمێك زێڕی بدەم، هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی تر سوودی لێ وەربگرین».

**پێویستە ئەو برەپارەیە زیاتر بکرێت**

هەورۆ خدر گەنجێکی تەمەن ٢٦ ساڵانە دەرچووی پەیمانگای تەکنیکیە هێشتا دانەمەزراوە و دەڵێت «بڕیارمداوە دوای دامەزراندن ژن بهێنم بۆ ئەوەی بتوانم سوود لە پێشینەی هاوسەرگیری وەربگرم». ئەو پێوایە ئەو پێشینەیەی هاوسەرگیری پێویستە زیاتر بکرێت، چونکە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەل بەتایبەت زێڕ وادەکات کێشەکانی بەردەم گەنجەکان بەردەوام بێت».

**لە هەموو جیهان نرخی زێڕ بەرزبۆتەوە**

محەمەد ئەبوبکر خاوەن دوکانی زێڕنگرییە کە ١٥ ساڵە کاری زێڕنگری دەکات و دەڵێت «ڕاستە ماوەیەکە نرخی زێڕ بەرز بۆتەوە، ئەو هۆکارەش دەگەڕێتەوە بۆ بۆرسەی جیهانی کە دواکاری لەسەر زێڕ زۆرە، ئەمڕۆ نرخی یەك مسقال بە ٢٦٠ هەزارە لەگەڵ ئەوەی بڕیار وایە پێشینەی هاوسەرگیری ببێتە پێنج ملیۆن کە ئەمەش وایکردووە داوکاری لەسەر زێڕ زۆر بەرزبێتەوە و خواستی خەڵك بۆ زێڕکڕین زۆرە، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەوەش هۆکاری دووەمە کە کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ هەیە لە بازاڕی کوردستان».

**بەهۆی داواکاری زۆرە لەسەر زێڕ**

کەژاڵ محەمەد توێژەری ئابووری دەڵێت «دەمێکە نرخی زێڕ لە بەرزبوونەوە دایە، بەڵام دەتوانم بڵێم زیادبوونی پێشینەی هاوسەرگیری وایکردووە کە کاریگەری لەسەر بازاڕی زێڕ هەبێت ئەوییش بەهۆی دواکاری لەسەر زێڕ، چونکە لە کوردستانی ئێمە بازرگانەکان بەو جۆرە ڕاهاتوون کە داوکاری لەسەر بابەتێك زۆربێت هەوڵدەدەن باشترین داهات بەدەست بێنن لەرێگەی ئەو شمەکەی دواکاری زیاتر دەبێت، بۆیە پێویستە کچان و کوڕان بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئەو برە پارەیە بکەن بۆ ئەوەی سوودی بۆیان هەبێت».

ئا: ڕۆشنە




خوشەویستی یەکێکە لەبنەماکانی ژیان و ئایینەکانیش ڕێزیان لێگرتووە، هەر لەدێر زەمانەوە خۆشەویستی بەشێوەیەکی پاك هەبووە و دواتر پرۆسەی هاوسەرگیریان پێکهێناوە، بەڵام بەشێك لە خۆشەویستی ئێستا لەنێوان کچان کوڕان تارادەیەك سەرکەوتن بەدەست ناهێنن. لەبری ئەوەی بیانەوێت لەماوەی یەکتری ناسین زیاتر لێك تێبگەن، شەوانە کوڕان داوای قسەی نابەجێ دەکەن دواتریش یەکتر جێدەهێڵێن.

**بەهۆی نامەیەکەوە تووشی کێشە بووم**

(مۆبایلەکەم لەدەست بوو خۆشەویستەکەم نامەی بۆ دەناردم، لەپڕ براکەم هات مۆبایلەکەی لێسەندم کەسەیری کرد نامەیەکی ناماقووڵی(...)ی لەنێو بوو هی خۆشەویستەکەم، براکەم زۆر لێیدام و مۆبایلەکەی لێسەندم و تووشی کێشە بووم، پاشان کە مۆبایلەلەکەی دایەوە دەستم سەیرم کرد نامەی(...)ی خۆشەویستەکەم بوو؟ ئەوڕۆژە تووشی کێشەیەکی گەورە بووم و چەند جار لێدانم خوارد لەسەر ئەم نامەیە. هاژە تەمەنی ٢٠ساڵە قوتابی زانکۆیەوە دەڵێت «بەداخەوە ئێستا زۆربەی کوڕان خۆشەوسیتی دەکەن بۆ سێکس، بەپێچەوانەشەوە کچان سێکس دەکەن لەپێناو خۆشەویستی و بەس بۆئەوەی بگەن بەخۆشەویستەکەیان، بەڕاستی من لەسەر نامەیەکی خۆشەویستەکەم تووشی گەورەترین کێشە بووم لەماڵەوە، دواتر کە بۆخۆشەویستەکەم گێڕایەوە گاڵتەی پێدەکردم ئەوەندەی پێنەچوو بەجێشی هێشتم.

**نزیك بوونەوەی کوڕان لەکچان**

ئازاد جەلال توێژەری کۆمەڵایەتی دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێت «پیاوان خۆشەویستی دەکەن لەپێناوی سێکس، بەڵام بەپێچەوانەوە کچان سێکس دەکەن لەپێناوی خۆشەویستی، بەهۆی ئەو پەروەردە کۆمەڵایەتیەوە هەر لەباخچەی ساوایانەوە تاوەکو قۆناغی دواناوەندی، کە هیچ ڕۆشنبیرییەکی سێکسیان فێرناکرێت. هەروەها تەنانەت ئەگەر لەقۆناغەکانی خوێندن وانەیەك هەبووبێت باسی لەسێکس کردبا، ئەوا لەبەر عەیبە باس نەدەکرا. ئەم هۆکارانەش وادەکات کەپێوەندی نێوان کچ و کوڕ پێوەندیەکی نادروست بێت. بۆیە لەبەر ئەو کەبتە سێکسیەی کۆمەڵگە بە هۆکاری عەیبە دروستی کردووە، دەتوانم بڵێم بەشی زۆری نزیکبوونەوەی کوڕان لەکچان بۆمەبەستی سێکسە نەك خۆشەویستی، ئەوانەی کەداوای خۆشەویستی هاوسەرگیریش دەکەن زۆربەیان سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، بەڵکو بۆماوەیەك لەگەڵ یەك دەبن و پاشان پێوەندی سۆزداری نامێنێت.

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر بەگەورەیی سەیری خۆشەویستی دەکات**

مەلا عەبدوللا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەڵێت «ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر بەگەورە سەیری خۆشەویستی دەکات، شتێکی ئاساییە گەر کچێك کوڕێکی خۆش بوێت یان بەپێچەوانەوە، بەڵام گرینگترین شت ئەوەیە ئەو پێوەندیە خۆشەویستیە تێنەپەڕێت بۆ وشەی ناڕێك و یاخود کاری نابەجێی پێش پرۆسەی هاوسەرگیری، ئەو حاڵەتە نابەجێیانەی لەنێوان کچ و کوڕ ڕوودەدات، ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر بەنەگەتیڤانە سەیری دەکات و بەشێوەیەکی ناڕێك لەقەڵەمی دەدات. بەتایبەتی ئەوقسانەی کەکاری ناشەرعی و نابەجێن بەهیچ شێوەیەك نابێت ڕووبدەن، ئەو پێوەندیە خۆشەویستیەیی کەهەیە پێش پرۆسەی هاوسەرگیری تەنیا بەمەبەستی یەکتر ناسین بێت.

**بەشێك لە گەنجانی ئێمە ئافرەت تەنیا وەك جنس سەیر دەکات**

دکتۆر ئومێد ڕەسول پسپۆری دەروونی وتی «لەوکاتەی کە کوڕ لەگەڵ کچ قسە دەکات بەتایبەت ئەوکاتەی کەداوای قسەی نادروست و نەشیاوی لێدەکات ئەوە کۆمەڵێك فاکتەر هەن لەنێو لەشی کوڕەکە یان کچەکە لەپشت ئەم قسانە هەیە بۆئارەزووەکانی خۆی. لێرە کێشە لەوەدایە پێویستە گەنجەکانی ئێمە فێربکرێن ئافرەت تەنیا وەك جنس سەیر نەکرێن، بەڵکو وەکو مرۆڤێك سەیری بکات. تائێستا لەکۆمەڵگەی ئێمە بەشێك لە گەنجەکانمان بەداخەوە ئافرەت تەنیا وەکو جنس سەیر دەکات، بۆیە جۆرەها کێشە لەکۆمەڵگەی ئێمە ڕوودەدات.

**خۆشەویستەکەم پێی وتم ئەگەر هەرقسەیەك بکەی دەنگت بڵاو دەکەمەوە**

نازە (ناوێکی خوازراوە)، فەرمانبەرە لە وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەوەدەخاتەوەڕوو بەشێکی زۆری کوڕان خۆشەویستی دەکەن بۆ سێکس، ئینجا پاش ناسینی کچەکە پەنا دەبەنەبەر نامەی سێکسی دواتر شەوانە قسەی سێکسیان لەگەڵ دەکەن. ئەم کچە بەنموونە باس دەکات دەڵێت «پێش چەند مانگێك کوڕێك داوای خۆشەویستی لێکردم و ڕازی بووم بەخۆشەویستیەکەی، بەڵێنی پێدام کە بۆهاوسەرگیری خۆشەویستی دەکات، سەرەتا سۆزۆ خۆشەویستی پێدەدام دواتر بەرە بەرە نامەی سێکسی دەنارد بۆم و داوای دەکرد منیش نامەی سێکسی بۆ بنێرمەوە، من حەزم لەم جۆرە قسانە نەدەکرد هەرچیەکم دەوت توڕەدەبوو دەی وت تۆ خۆشەویستی منی لەداهاتوو دەبیە هاوسەرم، بەڵام بەداخەوە قسەکانی هەمووی درۆ بوو کاتێك لێم بێزار بوو بەجێی هێشتم وتی هەرقسەیەکیش بکەی دەنگت بڵاو دەکەمەوە.

**نامەوێت خۆشەویستەکەم لێم زویر بێت**

هاژە تەمەنی ٢٢ساڵەو دەڵێت: ماوەی دوو مانگە خۆشەویستم هەیە، شەوانە تا قسەی سێکسی لەگەڵ خۆشەویستەکەم نەکەم ناخەوێت و لێم زویر دەبێت. شەوانە هەر کەتەلەفۆن هەڵدەگرم ئەو باسی سێکس دەکات باسی هیچ شتی تر ناکات. من حەز دەکەم لەبری ئەم قسانە سۆز و خۆشەویستیم پێبدات و باسی داهاتووم بۆبکات بۆئەوەی ژیانی هاوسەری پێك بهێنین و خۆشەویستیەکی پاك بکەین، دواتر فەشەل نەیەنین لەخۆشەویستیەکەمان.



# باوکێک منداڵەکەی خۆی دەڕفێنێت



لە گەڕەکی هەڤاڵانی شاری هەولێر پیاوێك هەڵدەستی بە ڕفاندنی کچەکەی خۆی و هاوسەرەکەشی سکاڵا دژی تۆمار دەکات لە پۆلیس.

بەپێی وتەی بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر « لەبنکەی پۆلیسی باداوە دادخوازێك بەناوی (س.ح.ع) سکاڵای تۆمار کردوە دژ بە هاوسەرەکەی خۆی بەناوی (ع.م.ا) گوایە هەڵساوە بە ڕفاندنی منداڵەکەی کە کچە بەناوی (ە) لە گەڕەکی هەڤاڵان، دوای وەرگرتنی وتەکانی دادخواز دادوەر بڕیاری دادوەر بەدەستگیرکردنی تاوانبار».

# کچێکی ١٤ ساڵان خۆی کوشت



**دهۆك/ محەمەد عەبدولعەزیز:** لەرووداوێکی تەمومژاویدا کچێکی تەمەن ١٤ساڵی گوللەیەکی کلاشینکۆف لە سەری خۆیدا و گیانی لە دەستدا، لە هەمان کاتدا هۆکاری خۆ کوشتنەکەیشی بە ناروونی هێشتەوە.

لەم بارەیەوە عەمید شەعلان ئەحمەد بەڕێوەبەری پۆلیس ناوشاری دهۆك رایگەیاند رۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/٢٦ کاتژمێر ٤ی ئێوارە لە گەڕەکێکی شاری دهۆك رووداوی خۆکوشتنەکە روویدا و بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستمان کەوتووە ئەم کچە نەخۆشییەکی سەری هەبووە و زۆر هەر لەبەر ئەم نەخۆشییە زۆر تووڕە دەبوو و لەو رۆژەدا هەستی بە نارەحەتی و ناخۆشییەکی زۆر کردووە و لەبەر ئەوەی زۆرتر بەرگەی ئەو بارودۆخەی نەگرتووە، بۆیە بە گوللەیەك کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.



# پۆلیسێکی هاتوچۆ گیانی لە دەستدا

**دهوك/** لەسەر ڕێگای سەرەکی نێوان بەردەرەش و ئاکرێ پۆلیسێکی هاتوچۆ لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکی رۆژانەی خۆی، دووچاری رووداوێکی هاتوچۆ دەبێتەوە و گیان لە دەست دەدات.

پێشڕەوی هاتوچۆ محەمەد ئیبراهیم لە قەزای ئاکرێ رایگەیاند کاتێك کە پۆلیسەکە خەریکی ئەنجامدانی ئەرکی رۆژانەی خۆی بوو لەناکاو ئۆتۆمبیلێکی تەکسی لە چوار ریانی ئاکرێ- بەردەرەش لێیدا و بە سەختی بریندار کرد، دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە ماوەی چوار رۆژ لە نەخۆشخانەدا لەژێر چاودێرییەکی ورددا دەمێنێتەوە، بەڵام لەبەرسەختی برینەکەی گیانی لە دەستدا.

# لە ماڵێک پارە و زێڕ و ئەڵماس دەدزرێت



دوای ئەوەی بۆ چەند کارێکی ئاسایی ماڵی خۆیان جێهێشت، چوونە دەرەوە بڕی ٢٠٠٠ دۆلار و زێڕ و ئەڵقەیەکی ئەڵماس لە ماڵی هاوولاتی (س.ج.م) دەدزرێت.

سەبارەت بەم کێشەیە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر پێی ڕاگەیاندین: لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/٢٦ دادخواز (س.ج.م) سکاڵای دژ تاوانباری نەناسراو بەرز کردووە بەوەی لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/٢٤ هەڵساوە بەدزینی بڕی ١٩مسقاڵ زێڕ و ٥ ئەنگوستیلە و یەك ملوانکە و ٣ گوارەی منداڵان و بڕی ٢٠٠٠ دۆلار و یەك ئەڵقەی ئەڵماس لە ماڵەکەی دزرا.

# تەقە لە ماڵێک دەکرێت



لە گەڕەکی سەرمەیدانی شارۆچکەی شەقڵاوە بە هۆی چارەسەر نەکردنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کۆن تەقە لە ماڵی هاوولاتیەك دەکرێ.

لەم بارەیەوە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر پێی ڕاگەیاندین « لەڕێکەوتی ٢٠١١/٥/٢٣ لەبنکەی پۆلیس سەرمەیدان لەقەزای شەقڵاوە دادخوازێك بەناوی (غ.ع.ع) سکاڵای دژ بەهەریەك لە (ع.ق.ا) و(م ) و(ش) کوڕانی (ع.ق.ا) بەرزکردۆتەوە، گوایە کاتی خۆی کێشەیان هەبووە لەگەڵ براکەی بەناوی (ز.ع.ع)، بەڵام سوڵحیان کردووە، کەچی ئێستا کێشەکە نوێ بۆتەوە، بەگوێرەی دادخواز ناوبراوی سەرەوە تەقەیان لەماڵی کردووە. دوای وەرگرتنی وتەی شاهیدەکان دەرکەوت کە ئەوان بیستویانە تەقە لەماڵی (ز.غ.ع) کراوە.



# کچێک بەسووتان کۆتایی بەژیانی هات

لە گەڕەکی مەلائۆمەر کچێکی تەمەن ١٨ ساڵ بە سووتان گیانی لە دەستدا لەبەر سەختی برینەکانی.

لەم بارەیەوە نەقیب کاروان بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر وتی» نەخۆشخانەی ڕزگاری بنکەی پۆلیسی شاویسی ئاگادارکردۆتەوە لە تەرمی ئافرەتێکی دانیشتووی گەڕەکی مەلا ئۆمەر بەناوی (ە.ز.ا) کە تەمەن ١٨ ساڵە لەڕێکەوتی ٢٠١١/٥/٢٢سووتاوە هەر لە هەمان ڕۆژدا کۆچی دوای کردووە .سەبارەت بەم ڕووداوە ڕاپۆرتی پزیشکی وەرگیراوە، هەروەها بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاریدا هەوڵبدرێت بۆزانینی هۆکاری سووتانەکە بە وەرگرتنی وتەی داواکاری مافی کەسی و وتەی شاهیدەکانی ڕووداوەکە.

# قەڵەوی هەڕەشە لەژنان دەکات

## ژنێک: مێردەکانمان حەزیان بەکچی بەژن باریکە نەک خرپن و قەڵەو

قەڵەوی زۆرجار بۆ ئافرەت بۆتە مایەی بێزار کردن و ناخۆشی لەگەڵ ئەوەشدا ژنان لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە بەهۆی زۆری کێشی لەشیان ڕووبەڕووی گلەیی دەبنەوە و هەڵدەستن لەسەر داواکاری هاوسەرەکانیان کێشیان دادەبەزێنن.

**پیاوەکەم ئاگاداری کردمەوە ئەگەر لەماوەی ساڵێك کێشم دانەبەزێنم ژنی دووەمم بەسەر دێنێت**



ئا: سانە سلێمان

## هاوسەرەکەم حەقی خۆیەتی گلەییم لێبکات

پەخشـــان لاوە، ئافرەتێکی تەمەن ٥٢ ساڵە خاوەن منداڵە یەکێك بوو لەو ئافرەتانەی کە وەکو یاریزانێك لە هۆڵی لەشجوانی بۆ دابەزاندنی کێشی، وەرزشی دەکرد و کە لە تەمەنی ٢٠ ساڵەوە ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە دوای شـــوو کردنەکەی منداڵێکی بووە ئیتر لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا خۆی بەلاوازی نەبینیەوە بە گوێرەی قســـەکانی خۆی ڕۆژ بەڕۆژ قەڵەوتر دەبێت، بۆیـــە بڕیاری داوە کە لە هۆڵی لەشـــجوانی بەردەوام وەرزش بکات و کێشـــی خۆی دابەزێنێت. ئەو ئافرەتە دەڵێت» قەڵەوی دەردو بەڵایە، مرۆڤ ئەگەر کێشی زیاد لەبەدەر بوو، ئەوا بەهیچ شێوەیەك خۆشی لەژیان نابینێت، لەڕاستیدا مێردەکەم بەردەوام گلەییم لێدەکات کە من بەو جۆرە قەڵەو بوومە، ئەویش حەقی خۆیەتی لە دەرەوە ئەو هەموو کچە جوان و ناسکە دەبینێت بۆیە دەیەوەی لاواز ببمەوە.

## وەك جاران پیاوان حەز لەئافرەتی خڕپن ناکەن

دلڤین نەوزاد ژنێکی تەمەن ٤٧ ســـاڵە ماوەی ٤ مانگە دەچێتە هۆڵی لەشجوانی بۆ دابەزاندنی کێشی و تا ئێستا ١٥کیلۆی دابەزاندووە، ئەو ئافرەتە دەڵێت» ڕاســـتە بە وەرزشـــکردن کێشـــم دابەزیوە، بەڵام زۆر بێزار بوومە، چونکە قەڵەوییەکـــەم نارێکی نەکردووم و کێشـــەی بۆ دروســـت نەکردوومە، بەڵام چی بکەم ئەوە داواکاری مێردەکەمە ئەوندە چاوی بەکچی جوان دەکـــەوێ و لە دوای بڵاو بوونەوەی ئەو ســـەتلایتەوە زنجیرە درامایە بیانیانـــە ئەو کچە بیانیانە دەبینن بۆ ئێمەش کێشەی دروســـت کردووە، مێردەکانمان حەزیان بەکچی بەژن باریکە وەکو پێشوو نەماون ئارەزوویان لە کچی خڕین و قەڵەو بێت».

## وەك پیاوێ حەزدەکەم ژنەکەم جوان بێت

ڕۆستەم رەشید کە هاوسەری دلڤینە پێوایە ئەوە بۆ بەرژەوەندی ژنەکەیەتی کە حەز دەکات ژنەکەی لاواز بێـــت و جوان دەربکەوێت و دەڵێـــت» ژنەکەم بەردەوام گلەیی دەکات و واهەســـت دەکات قەڵەوی کێشەی بۆ دروســـت ناکات، بەڵام لە راســـتیدا من وەکو پیاوێك ئێستا لەو سەردەمە دەژیم تێدەگەم کە ئافرەتی قەڵەو جوان نییـــە و باوی نەماوە وەکو پێشـــوو، کە گۆرانیان بەسەر خڕینی ئافرەت دەوت بەلایانەوە شاز بوو، ئێستاش ئەوکات نەماوە پێویســـتە ژنەکانیش بیر لەوە بکەنەوە لەگەڵ جوانی ئەو سەردەمە خۆیان بگونجێنن».

## مێردەکەم دەڵێت بەهۆی قەڵەویتەوە چێژ وەرناگرم

زۆربـــەی ئافرەتان بەهـــۆی داواکاری مێردەکەیان خۆیان لاواز دەکەنەوە و ڕوو لە هۆڵی لەشـــجوانی دەکەن وەکو ئەو خانمەی کە نەویست ناوی ئاشکرا بکرێت کە تەمەنی ٣٣ ساڵە و ١٢ ساڵە شووی کردووە ٤ منداڵی هەیە کێشی (١٠٣) کیلۆیە دەڵێت» ئەگەر لەسەر داواکاری هاوسەرکەم نەبووایە، هەرگیز بیرم لە وەرزشـــکردن نەدەکردەوە، چونکە من هەر لەمنداڵیەوە بەو شـــێوەیە قەڵەو بوومە هەرگیزیش خۆم بەلاوازی نەبینیوە ئێستاش هاوسەرکەم ئاگاداری کردوومەوە کە لەماوەی یەك ســـاڵ دەبێت کێشم زۆر دابەزینم ئەگینا ژنی دووەمم بەســـەردێنێت، لەگەڵ ئەوەش بەردەوام پێمدەڵێت بەهۆی ئەو قەڵەوییەی تۆ من هیچ چێژ وەرناگرم، بۆیە لەڕاستیدا منیش ترسم هەیە کـــە ژنی دووەم بێنێتەوە، چونکـــە ئەو لە دەرەوە و لە کاتـــی دەوام چەندین ئافرەتی جوان لەلای کاردەکات، بۆیە منیش ناچارم داواکاریەکەی جێبەجێ بکەم»

## پێشتر ژنەکان پێیان شەرم بوو بێنە هۆڵی لەشجوانی

نازدار خەلیل مامۆســـتای ڕاهێنەری وەرزشـــی لە هۆڵی لەشـــجوانی ئافرەتانی مامۆســـتا بورهان دەڵێـــت» ئەوە مـــاوەی چەند ســـاڵێکە ئێمە خاوەن هۆڵی لەشـــجوانی ئافرەتانین، لە پێشـــوو ئافرەتان زۆر بەکەمـــی دەهاتـــن بۆ وەرزشـــکردن و خۆ لاواز کردنەوە، چونکـــە ڕێگریان لێدەکرا لەلایەن ماڵەوەیان یان مێردەکەیان کە بەهەڵە لە شوێنی هۆڵی لەشجوانیش تێگەیشتبوون، بەڵام ئێستا خۆشـــبەختانە ڕۆژ بەڕۆژ ئافرەتان زیاتر ڕوو لە وەرزشـــکردن دەکەن و بەتایبەت بەشێکی زۆریان شـــوویان کردووە لەسەر داخوازی مێردەکانیان خۆیان لاواز دەکەنەوە». ئەو مامۆستایە باس لەوە دەکات کە پێشووتر بـــەلای پیاوەکانیانـــەوە عەیـــب بووە ژنەکانیان بچنە هۆڵی لەشـــجوانی، بەڵام ئێستا پیاوەکان خۆیان دێن ناوی ژنەکانیان تۆماردەکەن و کاتەکەیان بۆ دیـــاری دەکەن داوای کاتێکی دیار و پلانی وەرزش و ڕیجیم و بۆ ژنەکانیان دەکەن».

## خۆپاراستن لە قەڵەوی واتە خۆپاراستن لە نەخۆشی

د.دەشـــتی دزەیـــی پســـپۆر لـــە نەخۆشیەکانی هەناو دەڵێت «قەڵەوی دەبێتە هۆی چەندین نەخۆشـــی وەکو پشت ئێشان و سست بوونی دەمارەکان و لێدانی دڵ و هاتۆچۆکردنی خوێن لەدڵ لەگەڵ زەخت و ســـوکەری و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، بۆیە پێویستە ئافرەتان لەسەردەمێکی وەکو ئەمڕۆ زیاتر پارێـــزگاری لەخۆیان بکەن و نەهێڵن قەڵەو بن، ئەویش بە وەرزش کردنێکی بەردەوام، چونکە خۆراکی ئێستا هەمووی چەوریە کەشو هەواکە وا لەمرۆڤی قەڵەو دەکات ئاسانتر تووشی نەخۆشی و تەنگە نەفسی بێت، بۆیە دەڵێم ئەگەر ژنان خۆیان پاراســـت لـــە قەڵەوی، واتـــە خۆیان پاراستووە لەنەخۆشی».



**پێویستە ژنەکانیش بیر لەوە بکەنەوە لەگەڵ جوانی ئەو سەردەمە خۆیان بگونجێنن**



# نەسرین وادەخوازێت لە شوێنێکدا خۆی بشارێتەوە کە هیچ پیاوێک نەیدۆزێتەوە..

کەسێکی دڵسۆز شك نابات لە وەزع و حاڵ و گرفتەکانی خۆیی ئـــاگاداری بکاتەوە، بەدڵێکی پڕ لە خەمەوە بیری لەو ڕۆژە دەکـــردەوە، کاتێك لە کۆڵان خەریکی ساپ ســـاپانێ بووە،ئـــەو کاتەی تەمەنی تەنیا دوازدە بەهارێك دەبوو، بانگیان کردۆتە ماڵەوەو بە زۆرو فشاران لەبری قەرزی پارەی ماڵە باوانی، بەشوویان داوە..

بیخەنە پێش چاوتـــان؛ کیژۆڵەیەکی ناسکی منداڵکار ببێتە بووکی گەنجێکی زبری هەراشی بیست و پێنج ساڵان، چ زامێك دەخاتە سەر جەستەو چۆن ترسێك لە دڵدا دەڕوێنێت!!

هەرچەندە ئەم شـــووکردنەی نەسرین هەم مایەی ئاســـوودەیی و هەم مایەی شـــەرمەزاریش بوو، بۆ ماڵباتی خۆی، چونکە ئەم کارە بازرگانییەی لە بەدەلی پـــارەی قەرزاری بـــووە، بۆیە ماڵباتی زاواش نەکەوتبوونـــە کڕینی تەدارەك و جیازی زەماوەندەوە، بە هیچ کلۆجێکیش نەدەکرا ئـــەم شـــووکردنە ببێتە مایەی بەختەوەری بۆ نەســـرین، هەر لە ڕۆژی زەماوەندەکەدا، نەسرین ئاگاداری پسکە پسك و ورتە ورتی ئاهەنگگێڕەکان بووە، کە لەبن لێوانی ئامادەبووانەوە هەم ستایشی جوانکیلەیی ئەم و هەم موحەیەر مابوون لـــەوەی ئەو زاوا هەراشـــەی کە لەپاڵ بووکێدایەو لەخۆشـــییەکی ناسروشتیدا وەخت دەبوو بـــاڵ بگرێت، بە چ عەقڵ و فامێکەوە منداڵێك دەکاتە هاوســـەری شەوانی و شەریکی ڕۆژانی ژیانی، ئەم بە فیداکردنەی نەسرین بۆ ڕزگارکردنی ماڵباتێـــك لەژێـــر قورســـایی بـــاری قەرزارییدا وەك خەونێکی ناخۆش وابووە، خەونی مۆتەکەئاسای ئەو ڕێوڕەسمەی مارەبڕینـــی لای مـــەلاو زەماوەنـــدی گواســـتنەوەو خوێن بەربوونی یەکەمین شەوی بووکێنی و گەیاندنی بە پەلەی بۆ ئیمرجینســـی و چەنـــد هەفتەیەکی نەخۆش کەوتنـــی ناوجێگەی مانگی هەنگوینـــی و دوعا و نـــزاو موفەڕك دانانـــی چەند مانگێکی ژوورســـەرین و ڕۆژان و ســـاڵانێکی تری پـــڕ لە هەلاکەتی ناو ماڵـــە خەزوران، تا ئەو قسەو تانە خەنجەرئاســـایەی خەسووی نەسرین کە بۆ دایکی ئەمی ڕشتبوو((ئەم گیسکە لەڕە چی بوو تووشی کوڕەکەی منتان کرد، خۆ بـــە دەرزی و دەرمان دەژییێ، دەڵێـــی دەردە کۆپانی گرتووە !!)) هەر هەمـــوو ئەمانەی دەهاتەوە پێش دیدەنی لێڵ وپڕئەســـرینی، ئێستا دوای ئەوەی دەساڵێك بەسەر تەلاقدانیدا تێپەڕیووە، دە ســـاڵی پڕ زەحمەتی ژیان لەناو ماڵە برا لای دشـــان و ماڵە باوکی کۆربووەوەی بـــێ کارو مووچـــەو پارەو پـــوول، لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ هیچ ڕۆژێك، بەیانی باشێکی لەگەڵ نەکراوەو هەستی دەکرد منداڵە چەتوونەکانی براکانی چاودێری بچووکترین ڕەفتاری پلکە بێوەژنەکەیان دەکەن، نەســـرین لەم هەمـــوو هەلومەرجە ناچـــاری و دەردەســـەرییانەی پێیـــدا تێپەڕیوە، لە هەموو کیژانی ناو ماڵباتی خۆیی و دەرو جیرانەکانیشـــی جوانترو ئێســـتاش جوانتر بووە، بۆیە پێی وابوو بە شـــووکردنەوەی بۆ جاری دووەمین، ئیتـــر ژیانێکی تازە بۆ خۆی دەســـت پێدەکاتـــەوە، ئەم بیرکردنەوەیەشـــی لەو ساتەوە دەستی پێکرد کە پەنجەی باریك و شووشـــەییانەی بەر لەپە دەستی ئەو کوڕە بۆیاخچییە دەکەوێت کە ژوورەکانی ماڵی کاکی بۆیاخ دەکـــرد، وادیارە لە کاتـــی تەنگانەییدا ئەوی ناســـیوەو وا هەست دەکات بە ئەشق و شووکردنی بەو بۆیاخچییە ئیتر کێشەکانی چارەسەردەبن، ئەمجارەیان شووکردنەکەی بە دڵخوازی خۆیەتی و کارێکی بازرگانی لە پشتەوە نییە، جارێکیشان لە وەڵامی پرسیارێکی دایکیـــدا دوو دڵی وەلانـــاوەو ئەوەی لە دڵیدا بووە خـــستویەتییە ســـەر زمانی و بەدایکی وتووە ئـــەوەی خۆش ئەوێ و بـــە بێ ئەو ئەمرێـــت، لەو ڕۆژەوەی یەکترناســـینیان، ئامانجـــی بۆیاغچی ڕەنگی ڕەشی لەبەرچاو دوورخستۆتەوەو نەسرینیش هەر لەو دیوارە ڕەنگاڵەییانە دەڕوانێـــت کە ئامانج نەخشـــاندونی و لەبەرخۆیـــەوە دەڵێت تـــۆ بڵێی بەختی منیـــش ڕەنگاڵەیی بێـــت لەگەڵ ویدا، دوای ئەوەی لە دوازدە ســـاڵیمەوە بەهۆی شـــووە نەگریسەکەی پێشـــوومەوە بەدبەخـــت کرابووم، بـــە کورتییەکەی ئێستا نەسرین دەزگیرانی ئامانجە، هەرکاتێك ئامانج بە تاســـەو ئارەزووی ئەشقەوە لێی نزیك دەکەوێتەوە، ئـــەم ڕادەچڵەکـــێ و ئـــەو ڕۆژگارە ڕەشانەی دێتەوە بەر زەین کە بەمنداڵی بەشووودراوە، هێشـــتا زەبری ئازارەکانی ئـــەو شـــووەی لـــە دڵ و گیانیدا کاڵ نەبوونەتەوە، هەرچەندەش ئەزموونی ئەو کات و ئێستای ئاسمان بە ڕێسمانە، بەڵام ڕەوینەوەی هەورە ڕەشەکەی سەردەمی دوازدە ســـاڵی کاتـــی زیاتـــری دەوێت گەرچـــی ئامانجیـــش وەك ئافرەتێکی مـــەزن و شایســـتە ڕەفتـــاری لەگەڵ دەکات، بەڕاســـتی کەســـێکە لە مرۆڤە میهرەبانەکان، نەك وەك مێردە کۆنەکەی کە تەنیا چاوی چڵێسی لەسەرجەستەو لەشی ناسکی ئەم بووە، بێئەوەی بزانێت ســـۆزو ڕۆمانسیەت و هەستی ڕۆحیی چییە، وەك ئەوەی لە خوێندا گرتبێتی، لەسەرجێگە وەك مار پێچی لێ دەخواردەوە بەتوندی ئازاری بەگیانی دەگەیاند، وا چەند ڕۆژێکە گریان ئەوکی نەسرینی گرتووەو نەك ناتوانێت تەنیا قسەیەکیش بـــکات بەڵکو خەریکە لـــەم دەزگیرانە میهرەبانە هاوســـاڵەی خۆی پەشـــیمان دەبێتـــەوە، کە بەمیهرەوە چاوانی لە دوڕ چاوە غەمگینەکانی دەبڕێت و ئامادەیە هەموو ئەرکێك بکێشـــێت بۆ سڕینەوەی یادەوەرییە تاڵەکانـــی ڕابردووی، ئەم لە پێناوی ئەوەی مـــاڵ و ماڵباتێك وێران نەبێت بەختیان کردە قوربانی و ئێستا لە نزیکبوونەوەی پیاوان دەترسێت، تەنانەت لەو پیاوەش کە بە ڕاستی ئاشقی بووەو دەیەوێت بەکامی دڵەوە شـــادی بکات، کەچی ئەم لێی دەترســـێت، بۆیە ئێستا نەســـرین حـــەز دەکات لە شـــوێنێکی لاچەپی وادا خۆی بشارێتەوە کە هیچ پیاوێك نەیدۆزێتەوە..

تێبینی: دوای ئەوەی نەسرین بە تەلەفون پێوەندی بە خانمێکـــی پەیامنێرمانەوە کـــردووەو بێزاربوونی خـــۆی لە ژیانیدا تێگەیانـــدووە، بەشـــی کۆمەڵایەتـــی گۆڤارەکەمان ئامادەییان دەربڕیوە کە لە ڕێی چاودێری کۆمەڵایەتی و توێژەری دەروونی و مامۆســـتای ئایینییەوە قسە لەگەڵ نەسرین خان بکەین و بە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەوە لەو گرێ دەروونییەی بۆی دروست بووە ڕزگار بکرێت.

